NHS
Sandwell and West Birmingham
NHS Trust

# سۆناری سمت

## زانیاری و ئامۆژگاری بۆ نەخۆشەکان

کۆرپەکەتان ڕەوانەکراوە بۆ سۆناری سمت. سۆناری سمت پشکنین دەکات بۆ دەرخستنی نەخۆشییەک بەناوی بەدگەشەیی سمت (hip dysplasia). ئەمە حاڵەتێکە کە "گۆ و قوڵکەی" جومگەی سمت و ڕان باش پێک نایەت و گەشە ناکات. گەر بەدگەشەیی سمت زوو دەسنیشان و چارەسەر نەکرێت، دەتوانێ ببێتە هۆی کێشەی جووڵەکردن وەکوو شەلی یان جووڵەی سنووردار، ئێش و ئازار، یان ماسینی ئێسک و جومگە (osteoarthritis).

**باشترین کات بۆ سۆناری سمت کاتێکە کە منداڵەکە بچووک بێت. هەربۆیە گرنگە لە کاتی دروست و گونجاودا بچین بۆ چاوپێکەوتنی سۆناری سمت.**

گەر منداڵەکەت دوای 34 هەفتە دووگیانی لەدایک بوو دەبێ لە ماوەی 4 تا 6 هەفتە دوای لەدایکبوونیان سۆناری سمتیان بۆ ئەنجام بدرێت.

گەر منداڵەکەت پێش لە 34 هەفتە دووگیانی لەدایک بوو دەبێ لە ماوەی 38 تا 40 هەفتە دوای ڕێکەوتی چاوەڕوانکراوی لەدایکبوون سۆناری سمتی بۆ بکرێت.

**بە پۆست وادەی چاوپێکەوتنی سۆناری سمتت بۆ دێت. ئەگەر ناتوانیت لە چاوپێکەوتنەکەدا بەشداری بکەیت، تکایە بە زووترین کات بە ژمارە 3339 507 0121 پەیوەندی بە تیمی دانانی وادەکانەوە بکە.**

## بۆچی منداڵەکەم ڕەوانەکراوە بۆ سۆنار؟

وەک بەشێ لە پشکنین و تاقیکردنەوەکانی منداڵانی تازەلەدایکبوو، منداڵەکەی تۆش بۆ نیشانەکانی بەدگەشەیی سمت پشکنینی بۆ دەکرێت کە بریتی دەبێت لە هەستکردن بە سمت و جومگەی ڕان بۆ جووڵە و پشکنینی درێژیی قاچەکانی. ئەم پشکنینانە 100% ڕێک و دەقیق نیین و گەر هەر نائاساییبوونێک لەسەر پشکنینەکە ببیندرێت، داوای سۆناری سمت دەکرێت کە سمتی منداڵەکە بە وردەکارییەکی زۆرترەوە بپشکێندرێت. منداڵەکەت ڕەنگە بە هۆی شتی تریشەوە ڕەوانە بکرێت بۆ سۆنار کە بریتیین لەمانە: منداڵەکە لەکاتی لەدایکبوون سەرەتا پای بێتە دەرەوە لەبری سەری، گەر خوشک‌وبرا یان باوک یان دایکی بەدگەشیی سمتیان هەبێت، یان گەر منداڵەکە نەخۆشی و حاڵەتێکی تری هەبێت کە لەسەر چوارچێوەی ئێسکەکانی کاریگەری دابنێت.

کۆرپەکەتان بەهۆی یەکێ لەم هۆکارانەی خوارەوە ڕەوانەکراوە بۆ سۆناری سمت (ئەو خانانە تیک لێبدە کە پەیوەندیدارن):

- ☐ لەکاتی لەدایکبووندا سەرەتا پای هێنراوەتە دەرەوە لەبری سەری
- ☐ باوک، دایک، خوشک یان برایەکی بەدگەشەی سمتیان بووە.
- ☐ لە دەرەنجامی پشکنینە جەستەییەکان نیشانەی بەدگەشەیی سمتی هەیە.
- ☐ کێشە و نەخۆشییەکی دیکەی هەیە کە لەسەر چوارچێوەی ئێسکەکانی کاریگەری هەبووە.
- ☐ دایکەکە بە چەندقلوو دووگیان بووە و دەنکێ یان دەنکێ زیاتر لە کۆرپەکان مەترسیی ئەو کێشەیەی لەسەر بووە (هەموو کۆرپەکان لەم حاڵەتەدا سۆناریان لێدەگیردرێت).

## سۆناری سمت چییە؟

سۆناری سمت پرۆسەیەکە هەر وەک سۆناری دووگیانی وایە. ئێش و زیانی نییە. منداڵەکە ڕووت دەکرێتەوە و دەخرێت بە لادا و هەردوو سمتی پشکنین دەکرێت و سۆناری لێدەگیردرێت. پاشان کەسێ کە سۆنارەکە ئەنجام دەدات سەیری وێنەکان دەکات و دەڵێت کە دەرەنجامی وێنەکان نیشانەیەک لە بەدگەشەیی سمتیان تێدایە یان نا. سۆنارەکە زۆربەی کاتەکان 15 تا 20 خولەکی پێدەچێت.

# سۆناری سمت

## زانیاری و ئامۆژگاری بۆ نەخۆشەکان

## دوای سۆنارەکە چی دەبێت؟

گەر دەرەنجامی سۆناری سمتەکە نۆرماڵ و ئاسایی بێت، منداڵەکەت پێویستی بە سکانکردن و سۆناری زیاتر نابێت و پێویست بە هیچ پشکنین و تێستێکی تر نابێت. گەر سۆنارەکە نیشانی بدات کە منداڵەکەت بەدگەشەیی سمتی هەیە، ڕەوانە دەکرێیت بۆ لای فیزیۆتراپیست یان پزیشکی ئۆرتۆپێد بۆ چارەسەری و دەرمانی زیاتر. زۆربەی کاتەکان بەدگەشەیی سمت لەڕێگەی پشتێنەی پاڤلیک (Pavlik)ەوە چارەسەر دەکرێت.

## زانیاریی زیاتر

**خزمەتی تەندروستیی نیشتمانی**

بەدگەشەیی سمت

ماڵپەڕ: *www.nhs.uk/conditions/developmental-dysplasia-of-the-hip*

**هەنگاوە جیهانییەکان (Steps Worldwide)**

بەدگەشەیی سمت (DDH)

ماڵپەڕ: *www.stepsworldwide.org/conditions/hip-dysplasia-ddh*

ڕێکخراوەی هەنگاوە جیهانییەکان ڤیدیۆیەکی زانیارییان بەرهەمهێناوە. گەر پێت وتراوە کە بۆ تەشخیسی ئەوەی کە منداڵەکەت بەدگەشەیی سمتی هەیە یان نا پێویستی بە سۆناری سمتە، ئەم ڤیدیۆیە یارمەتییت دەدات کە دەربارەی پرۆسەکە زانیاریی زیاترت هەبێت. بۆ بینینی ڤیدیۆکە بچنە سەر ئەم لینکەی خوارەوە یان کۆدی QRەکە سکان بکە.

لینکەکە: https://youtu.be/e7veLTwpJxM QR code

(دوایین سەردانی ماڵپەڕ 06ی جولایی 2023)

گە پێت خۆشە هەر ڕاستکردنەوە یان چاککردنەوەیەک بەم نامیلکەی زانیارییە پێشنیار بدەیت، تکایە بە ژمارەی ناوخۆیی 3587 پەیوەندی بکە بە "خزمەتەکانی کتێبخانەی SWB" یان بەم ناونیشانەی خوارەوە ئیمەیڵیان بۆ بنێرن: *swbh.library@nhs.net*

Health & care information you can trust
The Information Standard Certified Member

**تراستێکی فێرکردنی زانکۆی بیرمینگهام**
نەخۆشخانەکانی "شار"، "ساندوێڵ"، و "ڕاوڵی ڕیجس" لەخۆ دەگرێت.

©Sandwell and West Birmingham Hospitals NHS Trust

ML7139
ڕێکەوتی دەرکردن: ئۆگستی 2023،
ڕێکەوتی پێداچوونەوە: ئۆگستی 2026